# پاشماوەی کوردەواری لە پەنا سێبەری چیای فووجی دا

پرسیار: دەسەڵات، یان دەوڵەت و هەستی ناسیونالیزم بە لای تۆوە چی دەگەیەنێت؟
وەڵام: ئەمە پرسیارێکی سیاسییە، منیش لە سیاسەت نازانم. ئەوەندە دەڵێم لەو گوزەرەی ئێمە کە وترا دەوڵەت، مەبەست لە سەرباز و زیندان و کوشتن و بڕینە! ناسیونالیزمیش بەرەنجامێکی سروشتیی ژێردەستەیی و گرێی خۆبەکەمزانینە. ئەوەی ئێستا لە ئەوروپا و لێرەش لە ژاپۆن لە گەشەکردندایە، بە داخەوە زیاتر لە فاشیزم دەچێت نەک ناسیونالیزم.
پرسیار: تۆ بە زمانی دەچ (هۆڵاندی) دەنووسی کە زمانی دایکیت نییە، ئەمەت چۆن پێدەکرێت؟
وەڵام: کە بەو زمانە دەنووسم دەڵێی بە تاقمە ددانی دەستکردەوە پاروو دەجووم! کارێکە تابڵێیت گران و تاڕادەیەکیش ئێسکگران. بۆ قەرەبۆکردنەوەی کەمیی وشە و دەربڕینەکانم بەو زمانە، شێوازێکی تایبەت بە خۆمم داهێناوە. شێوازێک کە لەوێ و لێرەش، بە زمانێکی شاعیرانە لە قەڵەم دەدرێت. واتە نووسین بە زمانێکی دیکە هێندەش بە زیان نییە!
پرسیار: زمانی کوردی سەر بە چ گرووپێکە؟ تایبەتمەندییەکانی چین؟
وەڵام: بە داخەوە من زمانەوان نیم ،بۆیە ناتوانم وەکوو پێویست وەڵامت بدەمەوە. ئەوەندە دەزانم کە زمانی کوردی سەر بە زمانە هیندۆ ـ ئێرانییەکانە.
پرسیار: پاڵەوانی چیرۆکەکانت کەسانێکی سادە و هەژاری لادێین. ئایا لە کوردستان منداڵی خواپێداویش هەن؟
وەڵام: لەبەر ئەوەی لادێیم و هەرگیز حەزیشم لە ژیانی شار نەکردووە دیارە کەسانی ناو چیرۆکەکانیشم وەکوو خۆم گوندنشینی سادەن. بەڵێ لە کوردستان وەکوو هەموو شوێنێکی ئەم سەرزەوییە هەژار و دەوڵەمەند هەن.
پرسیار: بیرۆکەی چیرۆکەکانت لە کوێوە سەرچاوە هەڵدەگرن؟ تەکنیکی نووسین لای تۆ چۆنە؟
وەڵام: پرسیارێکی زەریفە! هەرگیز بە دوای بیرۆکە و بابەتی نووسیندا ناگەڕێم. جاری وا هەیە یادگارێکی تاڵ یان شیرینی دێرینە دەبێتە هەوێنی نووسینێکم. یان ڕێک دەکەوێت دیمەنێکی جوان یان قسەیەکی بەتام بمهێنێتە نووسین. بناغەی نووسینەکانم لە کارەسات و ڕووداوی ڕاستییەوە دامەزراون. دیارە بە مت و مووروی فەنتازیای گونجاویش دەیانڕازێنمەوە. تابڵێیت نووسەرێکی سستم. بەوەی چاکە تا نووسین سواری سەرم نەبێت، هیچم پێ نانووسرێت. دەتوانم بڵێم من چیرۆک نانووسم، چیرۆک من دەنووسێت.
پرسیار: لە هەردوو چیرۆکەکانتدا، کەسایەتییە منداڵەکان پینج شەش ساڵانن. ئایا ئەو تەمەنە بە ڕێکەوتە، یان بە مەبەست و لەبەر هۆیەکی تایبەت هەڵتبژاردووە؟
وەڵام: بە تەواوی نازانم، بەڵام ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە لەو تەمەنەدا منداڵ ڕوونتر لە ڕووداوەکانی دنیای منداڵی دەگات. لە بیرمە لەو تەمەنەدا بووم کە خوشکێکم بە نەخۆشیی سوورێژە مرد. مردنەکەی منی منداڵی لە ناخەوە هەژاند و ساڵانێکی دواتریش، کە بیرم دەکەوتەوە بە دەنگ بۆی دەگریام. دیمەنێکی ڕوومەتی خەماوی بە ترسێکی مەزن داپۆشراوی دایکیشم هەر لەو سەردەمەی تەمەنمدا کەوتە بەر چاو و وەک تابلۆیەکی خەمناکی ئاگرین تا ئێستاش لە مێشکمدا چەسپیوە. دیارە ڕووداو و یادگاری دیکەش هەن کە ئێستا لە یادم نین.
پرسیار: وەک بزانم ئەو جلە کوردییانەی لەبەر خاتوو «شیندۆ»دان، دەستکردی دایکتن، دەکرێت تۆزێک باسی دایکتمان بۆ بکەیت؟
وەڵام: باش بوو گوتت تۆزێک، ئەگینا لە باسکردنی دایکم تێر نابم. بە کورتی دەڵێم دایکم مرۆڤێکی دەگمەن، مامۆستایەکی بەتوانا و ڕاستگۆ و دایکێکی میهرەبانە. من دەستکردی ئەو مرۆڤە مەزنەم. ئەو وەک درەختێکی بەرداری، ڕەگ و ڕیشە سەخت،



سیمیناری تۆکیۆ، لە ڕاستەوە بۆ چەپ: ئێسۆ شیندۆ، سیمۆ یاماناکا، ئیسۆکۆ نوزاکا و ئامانج شاکەلی

سەربەرزانە لە بەرامبەر گەلێ ڕەشەبا و زریانی ڕەشدا خوی ڕاگرت و من خوشک و براکانمی لە ئامێزی گەرم و پاکژیدا پەنا دا. سوپاس بۆ خوا ئێستا وا لە وڵاتی سوید ژیانێکی ئارام و شاد بەسەر دەبات.
پرسیار: بە ڕای تۆ، ئێمەی ژاپۆنی بۆ هاوکاریی منداڵانی کوردستان، ئەوانەی لە شەڕدا کەسوکاریان لە دەست داوە چیمان لە دەست دێت؟
وەڵام: جارێکیان لە کوردستان چووینە گوندێک تازە لە لایەن هێزەکانی عیراقەوە بۆردوومان کرابوو. لە حەوشەی ماڵێکی ڕووخاو و گڕتێبەربوودا منداڵێکمان بینی بە دیار کەلەشی لەتوپەتکراوی بەرخۆلەکانییەوە دەگریا. ئاگای لەوە نەبوو کە سەرجەمی خێزانەکەشی بە بۆمبا کوژرابوون. لەو تەرزە بارەدا مرۆڤ چۆن دەتوانێت دڵی ئەو منداڵە بداتەوە؟ دیارە ئێوە وڵاتێکی دەوڵەمەند و قسە ڕۆیشتوون، ژیانی منداڵانی کورد بە باشبوونی ژیانی سەرجەمی گەلی کوردەوە بەندە. ئێوە دەتوانن لە کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکاندا پشتگیریی گەلی کورد بکەن. یان ڕێکخراوە خێرخوازەکانتان لە کوردستان چالاکتر بکەن.
پرسیار: گێڕانەوە و باسکردنی بەسەرهات و ڕووداوەکانی شەڕ بۆ منداڵانی ئێمە کارێکی گرانە، تۆ لەم بارەیەوە چ دەڵێیت؟
وەڵام: ڕاستە کارێکی گرانە. دەکرێت لەگەڵ خواردنی پارووەیەکی گەرمدا بەراورد بکرێت. مرۆڤ دەبێت سەرەتا یەک دوو فووی لێ بکات، ئەگینا زاری دەسووتێت. ئەو تەرزە باس و خواسانەش دەبێت بە کاوەخۆ و دەروونفراوانییەوە بۆ منداڵەکانی ئێوە باس بکرێن. بۆ منداڵانی وڵاتانی بە شەڕ گیرۆدە ئەو جۆرە باسانە زۆر ئاساین. بە نموونە دەڵێم من کە ساڵی ١٩٨٩ لە کوردستانەوە گەیشتمە بەلژیک، زۆرم سەیر بە ژیانی ئارام و بێ تەق و تۆقی ئەو وڵاتە هات. ئەو خەڵکە بێ پەروا تا بەرەبەیان لە بازاڕ و شەقاماندا دەگەڕان و پۆلیس کاری بە سەریانەوە نەبوو! سەروسەکوتی سەرباز و چەکدار بۆ دەرمانیش دەست نەدەکەوت. ئەمە بۆ من تازە و نایاب بوو، بە زەحمەت باوەڕم دەکرد کە ئەمە خەون نییە و ڕاستییە، چونکە تا ئەو کاتە وامدەزانی شەڕ و هەرا و خوێنڕشتن وەکوو شەو و ڕۆژ دیاردەی سروشتین و دنیا هەروا بووە و هەروا دەبێت! کە ساڵی ١٩٩٣ بە سەردان گەڕامەوە کوردستان و بۆ منداڵێکی بچووکم باسکرد کە بە سواری فڕۆکە گەڕاومەتەوە، ئەو منداڵە باوەڕی نەدەکرد. چونکە پێی وابوو فڕۆکە تەنیا بۆردوومانی پێدەکرێت!
پرسیار: ژنانی کورد لە کۆمەڵگای کوردەواریدا چ پایەیەکان هەیە؟ ئایا مافی ڕادەربڕین و بڕیاردانیان هەیە؟
وەڵام: خۆزگە ژنێکی کورد لێرە دەبوو تا ئەم پرسیارەت لێکردبایە. من هەرچۆنێکت وەڵام بدەمەوە وەکوو پیاوێک قسە دەکەم. ژنانی کورد بە گشتی نموونەی دڵسۆزی ئازایەتی و خۆڕاگرین. لە کاتی شەڕو لێقەومانیشدا پشکی زیاتریان بەر دەکەوێت. ڕەنگە بە بەراوردکردن



ڕۆژنامەی "ئاساهی شۆگاکاسێ شین بورت»

لەگەڵ کۆمەڵگاکانی دەوروبەرماندا، ژنانی کورد، بڕێک سەربەستتر بن.
پرسیار: لێرە لە ژاپۆن، منداڵان جۆرێک خویان داوەتە یاریی کۆمپیوتەر و وازیچە و تەماشاکردنی تەلەفیزیۆن کە ئاگایان لە دنیای دەوروبەریان نەماوە. ئایا پیت وانییە کە لەم بارەوە ئێوەی نووسەران دەبێت کارێک بکەن؟
وەڵام: جا خۆ ئەوە تەنیا سەرئێشەی ئێوەی ژاپۆنی نییە. پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا کارێکی وای کردووە کە مرۆڤ فریای گوزەرانی ئاسایی ناکەوێت! ئەو دەردە بە تەنیا منداڵانی نەگرتۆتەوە. من بۆ خۆشم تاڕادەیەک پێوەی گلاوم. بۆ نموونە دەڵێم تا لە کوردستان بووم خەونم بە جووتە پێڵاوێکی چاکەوە دەبینی. ئێستاش لە هیچم کەم نییە و کەچی هەر ناڕازیشم! بە کورتییەکەی وای بۆ دەچم کە سیستەمی ئابووری لەو مەسەلەیە بەرپرسیارە و باوەڕیش ناکەم چیرۆکەکانی من، یان نیگارەکانی ئاغای ڕۆتۆ کارێکیان لە دەست بێت!
پرسیار: لە کوردستان چ جۆرە خواردەمەنییەک دەخورێن؟
وەڵام: ئێمەی کورد وەکوو ئێوەی ژاپۆنی برنجخۆرێکی بێڕەزاین. دیارە، شێوەی برنجلێنان لای ئێمە جیاوازە. جگە لە برنج، ساوار و قەرەخەرمانیشمان هەن. هەموو ئەوانە بە کەوچک دەخۆین نەک بە دوو دار وەکوو ئێوە! ماسیی ڕووبارمان هەیە. گۆشتی پەلەوەر و مەڕ و بزن و گا و گۆتاڵیش لە مشەن. کوردی موسڵمان گۆشتی بەراز ناخۆن. بەروبوومی شیرەمەنیشمان زۆرە. میوە و سەوزەشمان هەیە. وا بزانم شەش تا حەوت جۆر نانیشمان هەن.
پرسیار: ئەو سەما کوردییەی بە ڤیدیۆ نیشان درا، مۆسیقاکەی بە چ سازێک دەژەنرا؟
وەڵام: بە دەهۆڵ و زوڕنا، هەڵپەڕکێی کوردیی بەبێ دەهۆڵ و زوڕنا قەرەپوولێک ناهێنێت! هەروا تەپڵ و دەف و باڵەبان و دووزەلە و تەمبوورە و شمشاڵیش شایی و ئاهەنگی کوردان گەرم دادێنن!
پرسیار: دواڕۆژی کوردستان چۆن دەبینیت؟
وەڵام: خەو بە کوردستانێکی بە خۆرەتاوی ئاشتی و ئازادی ئاوپرژێنکراو، دەبینم.

خاتوو ئێتسوکۆ شیندۆ: شاکەلی! زۆر سوپاست دەکەین، هیوای هەرچی زووتر بەدیهاتنی خەونەکانت دەخوازین.
ئامانج شاکەلی: سوپاسی میوانداریتان دەکەم، ماڵتان ئاوابێت.

شایانی باسە ڕۆژی ٤/٢٥ ڕۆژنامەی مای نی چی، کە سێیەم ڕۆژنامەی سەرانسەری ژاپۆنە، هەواڵی سمینارەکەی تۆکیۆی بڵاو کردەوە. هەروا ڕۆژی ٤/٢٩ ڕۆژنامەی ئاساهی شوگاکسێ، ڕۆژنامەی فێرگە سەرەتاییەکانی ژاپۆن لە نیولاپەڕەدا هەواڵی سمینارەکان و بڵاوبوونەوەی کتێبەکانی "ئامانج شاکەلی"یان بڵاو کردەوە. ڕادیوی کاواساکیش لە بەرنامەی بەیانی باشی خۆیدا بۆ ماوەی سەعاتێک میوانداری ئامانج کرد. ئەو چاوپێکەوتنە ڕۆژی ٤/٥ پەخشکرا.

*لێرەدا دەبێت سوپاسی بەڕێزان خاتوو ئێتسوکۆ نۆزاکا و ئێتسوکۆ شیندۆ و میهۆ یاماناکا بکەم کە بە درێژای گەشتەکە، ئەرکی وەرگێڕانی سمینار و دەمەتەقێکانیان وە ئەستۆوە گرت.*

# ژان و گوڵ بە ڕۆژی جیهانی منداڵان پێشکەشە

هاوڕێ نەمەڵی

بە تاسەوە چاوەڕوانی هێمایەکی دەستی شۆفێرەکانی سەر شەقامە پان و بەرینەکەی ئەملاولای خۆتت دەکرد. دەتخوازی ڕەنگی ترافیکەکە هەمیشە سوور بێت تا بتوانیت زیاتر سەرنجیان بۆ چەپکەگوڵەکانی نێو هەردوو مەچەکت و قۆڵەکانت ڕابکێشیت، بەڵکو ئەمڕۆ لە ڕۆژانی ڕابردوو زۆرتر بفرۆشیت. قڕ و هۆڕی دەنگی ماشێنەکان بە مێشکی ماندووت ئاشنا بووبوون، کە بێ سەرنج دەیاندا بەلاتدا، گوڵەکانی نێو باوەشت بۆت دەگریان، بە فرمێسکی بۆنداریان دەیانخستیتە شەقەی باڵ و بۆ دەریای ئێجە و ڕێگای چەندان مانگی ماندوویی بۆ شوێنێکی نادیار دەیانبردیتەوە.
بەرەبەیانییەکی زوو بوو خۆت تێکئاڵاند و بە گەشە و خۆشییەکی زۆرەوە، بە هەستی قووڵی پڕ خۆشەویستی، بە قوڵپێکی پڕ گریانەوە، لە باشترین ئەکتی ئەکتەرێکی سەر شانۆدا هاتیتە گفت. بەڵێنت پێدا کە زۆری پێناچێت ئەویش ڕادەکێشیت.
پاش تێر بۆنی یەکدی کردن سەرت بەرز کردەوە لە جێگای دوو پەپوولەکانت ڕوانی، پڕ بە دڵ دەتویست بە ئاگایان بهێنیت، پڕ ئامێز یەکە یەکە تێر ماچیان بکەیت. هێشتا چاوەکانت ماڵئاوایی جێگای نادیاری لەسەر دانابوون، نهێنییەکانی ناوەوە ئەوانی بە هۆکاری ئەم ڕێگای هاتونەهاتە دەزانی، بە هیوای ڕۆژێک ئەوانیش بگەنە ئەوروپا تا وەک منداڵانی ئەوێ لە هەموو خۆشییەکی ژیان چەشە بکەن.
هەستایتە سەر پێ، بەبێ ئەوەی گڵۆپەکە دابگرسێنیت، خۆت گۆڕی، قایشی جانتا چکۆلانەکەت بە شاندا کرد. دوا ئاوڕت دایەوە چاوەکانت لەسەر دوو ڕووبار فرمێسکی لا ڕوومەتەکانی هاوسەرتدا نیشتنەوە.
هۆڕینێک بە ئاگای هێنایت، هێمای ڕەشپێستێکی ئەفریقایی ناو مارسدیسە ڕەشەکە تێکەڵ بە خێرایی هەنگاوەکانت بوو بەرەو ڕووی چوویت چەپکێک لە چەپکەگوڵەکانی نێو باوەشت دایە دەستی ئەویش لەجیاتی سێ پاوەندی دایتێ و لە هەناسەیەکدا لە چاوەکانت ون بوون. تۆش وەکوو برایەکی دوو ساڵەی شیشی ترافیک لایتەکەی ئەوڵاتەوە بۆ لای تەنەکە پڕ لە گوڵەکانی نزیکی ورده ورده شۆڕ بوویتەوە، تا گوێ بۆ کاسێتی ژانەکانت و گوڵە دوورکەوتووەکانی نێو باوەشت ڕابدێریت.
٢٠٠١/٧/١